# ئەوروپا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدا

07-04-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

RRC |زیگمار گابرێل و یۆشکا فیشەر*|

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە تائێستا، ئەوروپا ئێستا ڕووبەڕووی گەورەترین تاقیکردنەوە دەبێتەوە. یەکێتی ئەوروپا ناتوانێ شەڕی ڤایرۆس بکات و ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت، لەوانەیە تووشی پارچەبوون ببێت.
قەیرانی کۆرۆنا لە ئەوروپا شکستێکی دراماتیکییە، هەر کاتێك مرۆڤ لەبەر نەخۆشی کوشندە هەزاران کەس لەدەستبدات، لە ئەنجامدا دەوڵەمەندی و دەرفەتی کار نامێنێت، لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە شکست و گەورەترین لەدەستچوون لە بەردەممان بێت، ئەویش لەدەستدانی متمانەیە بەرامبەر گرنگی پێگەی یەکێتی ئەوروپا.
لەدوای دروستبوونی یەکێتی ئەوروپاوە کە دوای جەنگ دروستبوو، تاوەکو ئەمڕۆ، یەکێتی ئەوروپا ڕووبەڕووی ئەزموونی گەورە بووەتەوە، بەڵام هیچ کاتێك کیشوەرەکەمان لەڕووی بەها و بنەماوە هێندەی ئێستا نا هاوئاهەنگ نەبووە.
ئەو کۆمەڵە بەهایەی یەکێتییەکە لەسەری بونیاتنرا و دروستکرا و بەردەوام باس دەکرێت، بەڵام لەوکاتەدا کە قەیرانێکی گەورە هەیە دەرکەوت هیچ نرخێکیان نییە، لەو ڕەوشەدا ئیدی کێ باوەڕی بەو بەهایانە هەیە؟
ئەو قسانەی ڕۆژانی یەکشەممە لەسەر یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی ئەوروپا دەکران، چۆن ئەوروپییەکان گوێی بۆ دەگرن و پێشوازی لێدەکەن لەکاتێکدا لەو ناوچە کارەساتبارەدا دەژین، لەکاتێکدا ئەو ئاماژانە ئاشکرابوون کاتێك لە ئیتاڵیا هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا، لەجیاتی درێژکردنی دەستی هاوکاری خێرا بۆ وڵاتەکە، تەواوی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا جگە لە ئەڵمانیا، ڕاستەوخۆ هەناردەکردنی کەلوپەلی تەندروستیان بۆ ئیتاڵیا قەدەخەکرد.
لەکاتێکدا هەموو کەسێك لە بەرامبەر ئەو قەیرانەدا لەنێو سنوورە داخراوەکاندایە، لە ڕێگەی توانا نەتەوەییەکانی خۆیان ، بە تەنیا شانیان داوەتە بەر شەڕی پەتا جیهانییەکە، ئەو شەڕەیان کردووە و دەیکەن، ئەوکاتە بیری ئەوروپایی لەکوێ دەمێنێت؟
یەکێتی ئەوروپا بە بێدەنگی خۆی لە بەرامبەر ئەو قەیرانەدا و بە ئەزموونی خۆی تائێستا، تەنیا مەترسی دەخاتە دڵی مرۆڤەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا، دەبینین وڵاتانی وەك ڕووسیا و چین ئەو بۆشاییەی ئەوروپا بە ناردنی هاوکاری پڕدەکەنەوە و دەبنە هاوکاری زیاتر دەرکەوتنی ئەو بۆشاییە، دیارە کە بەوهۆیەوە ئامانجە مرۆیی و سیاسییەکان پێکەوە دەپێکن.
لەو نێوەندەدا، قەدەخەی سەر هەناردەکردنی هاوکارییە تەندروستییەکان هەڵگیرا و لەبەرئەوەی تائێستا لە ئەڵمانیا دەرفەتەکانی بەردەممان باشن، هەندێك لەو نەخۆشانەی تەندروستیان خراپە لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئیسپانیا هێنراونەتە ئێرە و دەرفەتی چارەسەریان پێشکێشدەکرێت، بەڵام ئەو هاوکارییە باش و گرنگە، بەرامبەر قەیرانێکی قورس، مردنی هەزاران کەس، بێکارییەکی بێوێنە و ئاڵۆزبوونی دۆخی کۆمەڵایەتی، تەنیا چەند دڵۆپێکن و وەکو ئەوەیە ئەو دڵۆپانە بخرێنە سەر بەردێکی گەرم.
بیری سیاسی ترەمپ لە ئەوروپاش جێگەی خۆی گرت، ئەگەر ئێمە وەك وڵاتانی ئەوروپا و ئەڵمانیا بەتایبەت، لەو دەمە کارەساتبار و مەترسیدارەدا وڵاتانی وەك ئیسپانیا و ئیتاڵیا بە تەنیا بەجێبێڵین، 100 ساڵی دیکە ئەوەی ئێستا بەرامبەرمان کردوون لەبیر ناکەن. ئەوروپا خۆی لەبەردەم یاری ونبووندایە. بەردەوام ئەو باوەڕە لەلای دەوڵەت و نەتەوەکان هەیە، کاتێك یەکێك قازانج دەکات، ئەویدیکە شتێك لەدەستدەدات.
دۆناڵد ترەمپ ئەوەی کردووەتە باوەڕی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی، ئێستا ئەو ڤایرۆسەی دەڵێت " پێش هەموو شت نەتەوەی خۆم" گەیشتە ئەوروپاش. چەندین ساڵە خەڵکی ئەڵمانیا لەوباوەڕەدان کە لە هەموو کەس زیاتر پارەی گەرم پێشکێشی ئەوروپا دەکەن، تووڕەیی خۆشیان لە بەرامبەر ئەوروپای نوێ گەرمتر دەکەن. بێگومان ئەڵمانیا زیاتر لەو پارەیەی لە برۆکسلی وەردەگرێت دەداتە باج و ئەوە نیوەی فاتوورەکەیشی نییە، بەڵام دەبێ زانیاری بیرکاریانەی ئەو پرسە بەو ڕادەیە بێت کە بزانن ئەڵمانیا لە هەموو وڵاتان زیاتر بەرهەمەکانی هەناردەی وڵاتانی ئەوروپایی دەکات، لەبەرئەوە پارەکەشی لەوان زیاترە و دەبێ لەوانیش زیاتر خەرج بکات.
ئەڵمانیا هەموو کات لە هەناردەکردندا بووەتە پاڵەوانی ئەوروپا و جیهان. لە ڕاستیشدا وایە وڵاتەکەمان لەسەر ئاستی ئەوروپا زۆرترین قازانج دەکات، ئێمە لە قەیرانی ئابووری یۆنانیشدا پارەمان قازانج کرد. وڵاتانی دراوسێمان ئەوانەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپان ئەو ڕاستییە دەزانن، لەبەرئەوە ئێوە دەتانەوێ ببینن ئایا ئەڵمانیا لەو سامانەی لە ڕێگەی ئەوروپاوە بەدەستیهێناوە، چەندی بۆ ئەوروپا بەکاردێنێت؟
ئەوروپا تەنیا پڕۆژەیەکی ئاشتی نییە، لەهەمانکاتدا پڕۆژەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی ئیکۆلۆژییە (لقێکی بایۆلۆژییە بۆ پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکان). هەروەها یاریەکی بە قازانجیشە، بە پێچەوانەوە لە قازانجی هەموو کەسێکدایە، بەتایبەتی بۆ ئەڵمانیا لە بواری ئابووریدا قازانجێکی زۆری هەیە. دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەوروپا ئەوە دەزانن ئەو شتەی ئێمە پێویستمانە، بوێری دامەزرێنەرەکانیەتی. بێگومان دابەشکردنی ئەو قازانجە ئابوورییانەی بە زەحمەت بەدەستهاتوون، بە دڵی هەموو کەس نین، بەتایبەت کاتێك مرۆڤ لەنێو قەیراندابێ و لە هەمانکاتدا نە سیاسەتڤان و نە خەڵکیش نەزانن ئەنجامەکەی لەسەر ئاسایشیان چۆن دەبێت . لەو ڕەوشەدا ئەو پرسیارە ترسناکەی دەڵێت " ئایا پێویستیمان بە سەرچاوە ئابووری و تەندروستییەکانی خۆمان نییە؟"، مانای بێ ئەخلاقی نییە و تێگەیشتنیش هەیە بۆ ئەو

پرسیارە، بەڵام وەڵامەکەشی ئەوەیە هیچ وڵاتێك و ئەڵمانیاشی لەگەڵ بێت ناتوانێ بە تەنیا شان بداتە بەر ئەو قەیرانە، لەبەرئەوەی رووخانی دراوسێیەکانمان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەگاتە ئێمەش.
لە ئەوروپا ئاسایش و خۆشگوزەرانی یان بۆ هەموومانە، یان بۆ هیچ کەس نییە. بوێری نەوەی دامەزرێنەریش هەر ئەوەبوو، ئەگەرنا لە رووخانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، پرسیارکردن لە ئەڵمانەکان بۆ ئەوروپایەکی یەکگرتوو پرسیاری سەرەکی نەبوو.
هیچ وڵاتێك بە قەد ئەڵمانیا سوودی لەو هاوکارییە وەرنەگرتووە کە لە دوای دروستبوونی هاوئاهەنگی، زۆر وڵات دەستی دۆستایەتی و هاوکارییان بۆ ئێمە درێژکرد، لەکاتێکدا خۆیان تاوەکو ماوەیەکی کورت پێش ئەوە لە پۆستاڵی داگیرکاری ئەڵمانیا لەسەر خاکەکەیان دەگەڕان. بەبێ ئەو هاوکارییەی ئەوروپا، ئێمە نەماندەتوانی باسی مێژووی سەرکەوتنی کۆماری فیدراڵ بکەین.
لەبەرئەوەش کەس لە ناوخۆی خۆیدا ئەوەندە ئەوروپا هەڵناگرێت و کەسیش بە قەد وڵاتی ئێمە بەرامبەر ئەوروپا بەرپرسیار نییە، لەبەرئەوەش دەبێ ئەڵمانیا لەگەڵ فەرەنسا بێنە مەیدانی سەرکردایەتی و ئەوروپا بەرەوپێشببەن. ئێستا ئەوروپا پێویستی بە دوو شتە: هاوکاری هاوبەش لەکاتی قەیران و بەرنامەی هاوبەش بۆ گەشەپێدان. وەك ئەو دوو پرۆژە گرنگەی کە لەساڵی 1948وە تاوەکو ئەمڕۆ لە بیری هاوبەشیی وڵاتەکەماندا ماوەتەوە، یەکێك لەوان پردی ئاسمانی بەرلین بوو کە هاوکاری خەڵکی هەژاری ڕۆژهەڵاتی بەرلینی دەکرد و ئەوەی دیکەش پلانی مارشاڵ بوو بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەوروپا، کە بەگوێرەی ئێستا بەهاکەی دەگەیشتە 150 ملیار یۆرۆ بۆ دانانی بناخەی دروستکردنی بانکی ناوەندی. تائێستا 12 ملیار یۆرۆ لە "پلانی مارشاڵ" لەلایەن بانکی ناوەندییەوە ئیدارە دەکرێت، لەو ڕۆژانەدا دوای 70 ساڵ، هەندێك ڕێکاری پشتگیری کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا گیراونەتەبەر و پارە دەدرێتە ئەو کۆمپانیایانە.
وڵاتانی وەکو ئیتاڵیا و ئیسپانیا کە پەتای جیهانیی کۆرۆنا گورزێکی کوشندەی لێداون، پێویستیان بە بەرنامەیەکی سێ هەنگاوییە بۆ رزگاربوون لەو دۆخە، هەنگاوی یەکەم هاوکاری خێرایی مرۆیی و تەندروستییە، دواتریش پێشکێشکردنی قەرزی درێژخایەنی ئەوروپایە، کە بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ماستریخت بە قەرز هەژمار ناکرێت تاوەکو بتوانن ئابووری خۆیان پێ بگەشێننەوە، دوایین هەنگاویش لە ڕێگەی بەرنامەی نۆژەنکردنەوەی ماوە درێژ، دڵنیایی هەبێت بۆ ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
لەجیاتی ئەوەی ئەڵمانیا شەڕی ئایدۆلۆژی یۆرۆبۆند و خەرجی کۆرۆنا لەنێوان باکوور و باشووری ئەوروپا بکات، باشترە بەشداری بەرنامەیەکی لەو جۆرەی هاوکاری بکات، لەبەرئەوەی زۆر روونە نە ئیتاڵیا و نە ئیسپانیاش بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان ناتوانن بە تەنیا باری قەرزە گشتییەکان هەڵگرن، دەبێ ئەوروپا ئەو وڵاتانە لە سوودی بانکی و پێدانی قەرز رزگار بکات، دەبێ وڵاتانی ئەوروپا بەخێرایی و دەستبەجێ، ئامادەیی خۆیان بۆ ئەوە پیشانبدەن، ئەگەرنا راستڕۆ توندڕەوەکانی هەردوو وڵات، شۆربای نەتەوەپەرستی خۆیان لە دژی یەکێتی ئەوروپا گەرم دەکەن.
حکومەتی ئیتاڵیا و ئیسپانیا کە لەلایەن هێزە دیموکراتخوازەکانەوە پشتگیریان لێدەکرێت، دەبێ لەڕووی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سەقامگیربن و لەسەر بیری ئەوروپایی بمێننەوە، ئەوەش هەمووی لە بەرژەوەندی ئەوروپایە و لە هەمانکاتدا لە بەرژەوەندی ئەڵمانیایە. بێگومان دەبێ ئەوروپا پێکەوە بتوانێ دڵنیایی بەهای پارەی هاوبەشی خۆی بپارێزێت، ئەوکاتە ئەوروپا دەتوانێ بەهای نێودەوڵەتی خۆی بپارێزێت و یۆرۆ ببێتە ئەڵتەرناتیڤێکیش بۆ دۆلار، ئەگەر ئەوە نەکەین، ئەوروپا ناتوانێ سەربەخۆیی ئابووری خۆی بپارێزێت و بە سیاسەتی ناوچەیی بەکارهێنانی دۆلارەوە دەبەسترێتەوە. ئێمە ئەو ئەزموونەمان لە دوودڵی بەرامبەر ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بە باشی بینی، بەڵام ئەوانەی باسمانکردن، لە ڕۆژێك و دووان پێکنایێن، لە نێوەڕاستی قەیرانەکەدا نابێ ناکۆکی لەسەر پرەنسیپ دەرکەوێت و لاوازی دروستبێت. راسترین و روونترین ڕێگە ئەوەیە بودجەی هاوکاری خێرا لە بودجەی یەکێتی ئەوروپا زیاد بکەین، هەموو وڵاتێکیش تێیدا بەشداربێت، تاوەکو بتوانین رووبەڕووی قەیرانە گەورەکان ببینەوە، هەروەها دەبێ لە ئێستاوە ئەوروپا وەڵامێکی هەبێ بۆ پرسی کۆچبەران و پەنابەران. ئەگەر لە یۆنان، تورکیا و سووریا ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شوێنەکانی مانەوەی پەنابەران بڵاوبووەوە، پلان و وەڵامی ئەوروپا چ دەبێت؟
دەبێ تەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەو کارەساتە مرۆییە ئاگادار بکرێنەوە و ئێمەش بەرپرسیارێتییەکەی هەڵگرین. کاتێك تەواوی ئەوروپا دەکەوێتە مەترسییەوە، دەبێ تەواوی ئەوروپا بێتە سەر خەت و، وەڵام تەنیا بۆ گرووپێکی ژێرەوەی وەك یۆرۆگرووپ نەمێنێتەوە.
ئێوە دەزانن جۆرج مارشاڵ لە گوتە نێودارەکەیدا لە بۆستن بۆ بەرگریکردن لە "پلانی مارشاڵ" گوتی: "سەرلەنوێ گەشانەوەی ئەوروپا پرسی ئەوروپییەکان خۆیانە. بە بۆچوونی من دەبێ دەستپێشخەری لەلایەن خودی ئەوروپاوەبێت، دەبێ بەرنامەکە لەسەر بنەمای هاوکاری بێت و هەموو وڵاتانی ئەوروپا بتوانن بەشداری تێدا بکەن". ئایا یەکێتی ئەوروپا ئەوە لەنێو وڵاتانی خاوەن پارەی هاوبەش لە بۆرسەی هاوبەش دەکەن یان نا؟، میکانیزمی سەقامگیری ئەوروپا کە 410 ملیار یۆرۆ لەخۆ دەگرێت، بەکاردێت یان هەندێك ڕێگەی دیکە دادەنرێن. دەبێ بەخێرایی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت.
قەیرانی کۆرۆنا، لە دەرەوەی سنوورەکانیش پێویستی بە هاوکارییەکی بەهێزی ئەوروپایە. دەبێ سنووره نەتەوەییەکان تێپەڕینین و هەندێك وڵات شان بدەنە بەر بارێکی گرانتر، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ لەژێر بارێکی زەحمەتی ستراتیژی سەت ساڵە بێینە دەرەوە، پێویستە لە تەکنەلۆژیاوە تاوەکو سیاسەت و کۆچبەران و ئاسایش، یەکگرتوو بین. ئێمەی ئەوروپایی دەتوانین پێکەوە ئەوە بکەین.
قەیران دەکرێت بۆ ئەوروپا ببێتە هەل، شەڕی باڵکان لەساڵی 1990 بووە هۆکاری ئەوەی ئەوروپا سیاسەتێکی دەرەوەی تایبەت بۆ خۆی دابنێت. ڤایرۆسی کۆرۆنا دەتوانێ دوو قۆناخی پێچەوانە لە هەمانکاتدا ڕێکبخات، یان درزی یەکێتی ئەوروپا قووڵ بکات و دابەشیبکات،

یانیش یەکێتی ئەوروپا و ئەندامانی لە بەرامبەر کۆرۆنادا بکاتە یەک. ئەڵمانیا دەتوانێ ئەو بڕیارە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا ئەوروپا روو لە کام لا دەکات، کاتێکی زۆریشمان نییە بۆ بڕیاردان.

یۆشکا فیشەر: وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (1998-2005) لە پارتی سەوز

زیگمار گابرێل: وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (2017-2018) لە پارتی سۆسیال دیموکرات

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: هیڤیدار زانا

ژێدەر : رۆژنامەی Der Tagesspiegel